## پایـــــــــــــز. . . شیعری: حەمەشوان شەریف



پایـــــــــــــز.... .
جوانترین وەرز
بۆئەوعاشقانەی دابڕان لەماچ
پایز......
بەختەوەرترین خۆشبەختیم
سێبەری دڵنەوایم
منم گەڵاوەریوەکانی ئەم وەرزە
منم ڕووت
وەک و ئەو درەختانەی سەردەمێک
باڵام بەباران و چاوی گەڵام بەئاونگ و
دڵی ڕووتم بەبەفر ڕووت دە بوویەوە.
پایـــــــــــــز
هەناسەکانی مناڵیم
هەرزەیی دوێنێم
پیری ئێستام
تازە نەدڵم گوڵدەرئەکاو
نەبێ چاویلکە جوانێ دەبینم و
نەجارێکیدی بۆ ڕوخسارێ
بەدیارسیمایەوە دەمرم
نە گومان لەچاوم ئەبارێ و
نەلەشی ڕژاوم
ئەچتەوە ناو شوشەی ئەوینەوە. ،.
کاڵبوومەوە. . ،کـــــاڵ، تـــا
هەڵوەراین. . . هەڵوەریم
وەک ئەو گەڵایانەی لەپێرێـــــوە
دەستیان داوەتەهەڵوەرین و
ئێـــــوە ناوتان لێناوە پایـــــــــــــــز. . . . .

پایزی 2000

Hamashwan1@hotmail. com